www.kurdistannet.org
31-5-2003 2:44

به ناوی کوردستانی گەورە !

# سەقز

ج. س. سۆران
soran909@hotmail. com

سەقز ئەی شاری میژویی لە مێژم
سەقز ئەی خاوەنی میژوی درێژم
ئەتۆ بوی نیشتگەی تەختی دیاکۆ
**دیاکۆی ئیمپەڕاتووری گەلی تۆ**
**دیاکۆی خاوەنی نا و و نیشانە**
**قەڕاڵی گەورە هێزی ئەو زەمانە**
لە دەشتی زێری تۆ زەردەشت ژیاوە
لە دوندی تۆ گڕی ئاگر گڕاوە
بە هێزی بیری رووناکی ئەویستا
خەڵک حاڵین و دەروەستن ئەوێستا
خدەی پاک و وتەی پاکی مەشوورن
چ ئەوەی وابن، لە کاری بەد بەدوورن
تەلاری زێویەت ناوی بەناوە
قەڵایەک بو ، لەوێ مانی ژیاوە
کە مانایی دەڵێن خەڵکی ئەوێ بوون
مانا وەیە، کە مانیش هەر لەوێ بوون
بە هۆی ئەنتیکە کۆنینەی ئەوێوە
وڵاتی مە وەها نێوی بە نێوە
لە مووزەی لەندەن و بێرلین و تاران
لە پاریس و لە باقی گەورە شاران
هەچی جێیەک دەچی، مەشهوورە نێوت
هەموی پڕیە، لە ئەڵماس و لە زێوت
**لە ئاساری بە نرخی گەوهەرینت**
لە مێژوولکە و لە پێشینەی بەرینت
ئەوەی شوێنە بە سامانت غەنی بو
**فەقەت سەققز لە بەشدا بێبەری بو**
لە زیندان و لە قەسری شیسی سەردار
کە هەڵکەوتون لە نێو مەڵبەندی هەوشار
سەدان شا وەک سولەیمان لێی ژیاوە
لە مێژودا ، هەموی شەرحی دراوە
کەرەفتوشت کە ئەشکەوت و قەڵایە
لە مێژودا ، کەلایە و سەرمەڵایە
لە کاتێکدا وڵاتێ سەربەخۆ بوی
سەرۆکی ئەم هەرێمانە ئەتۆ بوی
ئەتۆ هاوشانی کەلدە و رۆمی کۆنی
وەها کۆنی، کەسێ نازانێ چۆنی
ئەوندەت باسی مێژویی لە لایە
کە باسی ئەو، لە دەست ئەم باسە نایە
لە پاشا دینی ئیسلام هاتە ماڵت
محەممەد بو بە مێعماری خەیاڵت
ئەتۆی زێدی گەلێ پیاوان گەورە

ئەتۆی مینگەی ئەمیر و میری دەورە
خەلیفەی ئەستەمووڵی نوێنەری دین
کە دینی کردە گەپچاری گەپ و قین
خەیاڵی خاوی کەوتە نێو خەیاڵەو
بە ئەرکان و بە تۆپ و هێزی زاڵەو
بە هێرش هاتە سەر ئەم خاکە پاکە
کە دیلی کا ، هەمو ئەم خەڵکە چاکە
دلۆڤانێ بە ناوی سەیفەدین خان
ئەمیری سەقز و جێی ڕێزی هەموان
لە هۆزی ئەردەڵان و خێڵی شازت
لە زومرەی خانەدانی سەرفەرازت
بەریگرتن بە تەگبیر و بە نێزە
مرۆڤی وا ، بە حەق بەرز و بەڕێزە
بەڵام ئەرکان بە فێڵ و حوققەبازی
بە پیلان و دەسیسە و فێڵەبازی
بە ناوی دین و ئایینی خوداوە
لە پش پەردەی فڕ و فێڵ و ریاوە
لەداری دا ئەمیری مەزنی کوردان
غەمینی کرد ، چەحێڵ و پیر و وردان
ئەگەرچی دوای ئەوەش سەرکوت کراوی
بەڵام سەقز ! ئەتۆ هەر مای و ماوی
حەماسەی شێرەژن ، هی پاشەرۆکە
خەباتی گیانفیدایی هەشت سەرۆکە
سەرۆکی هەشت سەروکت هێند بەناوە
کە سالاری بە بەژنی ئەو براوە
ئەمینی ئەسعەدیش ناوی دیارە
سەدیقی ئەسعەدیش گەورەی دیارە
لە بەستێن و لە شانۆگەی هونەردا
لیباسی فەخری کوردانت لەبەردا
لە ئاسمان ی هونەر ناهیدە بەرزە
لە میرپیخە و کەچی ناهیدی عەرزە
ئەوی دی نەخشی وەک دەستانی مانی
بەوەو بەندە ، هونەر مان و نەمانی
برای زێڕێ لە نێو کوردا مەشوورن
نەشەی ژینن ، قەوامی قامی شوورن
دەزانی شوێنەواری کاکی زاری ؟
گوڵستانە لە وێژەی کوردەواری
چەنێ جوانن گوڵی شێعری خەمینت
ئەدیبی جوانە مێر و دڵحەزینت
لە زانادا ، ڕەفیع و دەوڵەمەندی
وەها بەرزی وەکو کوێستانی لەندی
نبووغی شێخ حەسەن ، پیتۆڵی گەورە
گەلێ فەخرە لە بۆ زانستی دەورە
خەتی دەستی وەها تاق و سەلیسە
کە قورانی لە دنیادا ، نەفیسە
سەرەپیاوت هەمو روون و بزانن
دژی جەردە و چەتە و لات و دزانن
ژنانت خاوەنی دەرک و خەیاڵن

نموونەی کوردن و کانی کەماڵن
کوڕانت قارەمانی بێنیشانن
لە ڕێی عیلما ئەکۆشن، بێوچانن
کچانی تۆ ڕچەی ژیلایە ڕێیان
لە جێی پەرچەم هەمو ئاڵایە پێیان
هەرێمی تۆ بە دیمەن وەک بەهەشتە
چیایە، بەندەنە، گوڵزارە، دەشتە
وەنەوشەت خێڵگەیە بۆ لۆ و وەنەوشە
بەهارانە لەبەر شینی وەنەوشە
هەوارگەی نەکەرزۆزت تەرز و بەرزە
لە بەرزیدا ، دەڵێی سەربانی عەرزە
کەلی خانت لە ڕۆژاوا چەقیوە
کەسێ شانۆی وەها شەنگی نەدیوە
ئەمە نەختێ لە ئەوسافی ئەتۆ بوون
ئەوانەی بوون، لە بیری من وەکو بوون
سەقز ئەی لانکی فەرهەنگ و مێژو
ئەرێ ئەی گەورەشاری سەردەمی زو
**ئەوێستاکە وەکو پێشو نەماوی**
بە یەکجاری وەپشتی گوێ خراوی
لە بەرچی خەڵکەکەت بێ بێکار و بارن؟
کز و دەستەنگن و ڕووت و هەژارن
زمانی ژینەوەر ئازادە پاکی
لە دەریایی و لە بۆشایی و لە خاکی
تەنانەت کوندەبووش کوندی ئەخوێنێ
فەقەت کوردە ئەبێ کوردی نەخوێنێ
ئەدیبت پاکی ئاوارە و هەژارن
شپرزە و بێکەس و هەردی و پەژارن
خەڵاتی نووسەرت بەرهەم دڕینە
میداڵی هۆنەرت ڕۆژی بڕینە
گۆرانی و بەستە و لاژە و مەقامت
حەماسە و هۆرە و بەیت و کەلامت
دزیویانە دزانی چەشنی تاتلیس
لە تارانەو ، هەتا ئامێد و بتلیس
هونەرمەندت غەوارە و بێپەنابە
ڕەفایل بێ، کەساس و کەمبەهایە
ئەدیب و نوسەرت بۆ دائەتاشن
لەوەی بێمایە و هین و قەلاشن
ئەمە پاکی نەخۆشی دەردە کوردە
پەتایە، هی زلە و منداڵ و وردە
لە جێیەک نا، لە پێنج جێ هەر وەهایە
مرۆڤی کورد، غەوارە و بێبەهایە
لەبەرچی کاری خۆت پێناسپێرن؟
ڕەئیسی تۆ لە شارانەو ئەنێرن؟
**لە نێو تۆدا، مەگە ر قەحتوڕڕیجالە؟**
مەگەر چی کەمترە، قالە لە نالە؟
لە مێژە پێی وتووین مامە پیرێ
(بەدەستی خەڵک بەتەنیا مارئەگیرێ)
وەرن چارەی بکەن ئدم دەردە پیسە

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
31-5-2003 2:44

دەنا کارو هەموی ریس و گوریسە
پەرەی زانست عیلاجی دەردە کوردە
دەوایە و مەلّهەمی کوردانی گوردە
دەسا ، بێن و بخوێنن ، هەر بخوێنن
بە رۆژ و شەو وشەی زانست بچێنن
گەلی زیندو ، گەلێکە خوێندەوارە
لە تێکنیک و لە زانینا تەیارە
گەلێ ، کە باسەواد و باسروورە
لە دنیادا ، لە گش کۆسپێ بەدوورە
چەکی کاری رمی پێنووسە ئێستا
مەیانی شەڕ پەڕەی لێنووسە ئێستا
سروودی جەنگ گەشەی رێنووسە ئێستا
پەری زانست کچی ڤێنووسە ئێستا
لە مەیدانی ژیانا بیر و تەگبیر
بڕشتی زیاترە، تا شیر و تا تیر
دەسا رابن، بە سۆرانی بخوێنن
بەرەی خەوتو لە خەوتن، راپەرێنن

www.kurdistannet.org کوردستان نێت